


## وتەی ئەمجارەمان

شەرمین و بەیان لە بەر دەرگای ماڵی شەرمین کایەیان دەکرد، کایەی شەشخانێ. ماڵی شەرمین کۆلانێکی لە پشت ماڵی بەیان بوو. بەیان لە کایەکە دواکەوتبوو، هەر بۆیەش برێک لە نێوخۆیدا توورە بوو، ئەو دەیەویست بە هەر جۆرێک بێ لە شەرمینی بباتەوە. ئەوان خەریکی گەمەی خۆیان بوون کە پیرەپیاوێک و پیرەژنێکیان لێ پەیدا بوو.

پیرەپیاوەکە کە گۆچانێکی بە دەست و، تەلیسێکێشی بە کۆڵ دادابوو، لە بەیانی پرسی ئەرێ کچە جوانەکە لەو کۆڵانانەدا لە ماڵێک دەگەڕێین و نایبینینەوە، بلێی ئێوە پێ نەزانن؟

بەیان گوتی نا خاڵە مەگەر نابینی ئێمە خەریکی کایە کردنین؟ بڕۆ بۆ خۆت بیبینەوە. شەرمین « زاف» ەکەی فڕێ دا و گوتی مامە گیان دەچنە ماڵی کێ؟ ئەمن لە گەڵتان دێم. مامە پیرە گوتی دەچینە ماڵی کاک تەها، ژنەکەی ناوی پەروینە، دەبێ هەر لەو گەڕەکە بێ، ئێمە خزمێکی دووری ئەوانین.

شەرمین چاوێکی لە بەیان کرد و بە پێکەنینەوە گوتی مامە گیان فەرموون با بڕۆین، ئێمە ماڵی کاک تەها پێ دەزانین. بەیان لاقی چەقیبوو، سەری داخستبوو، هێزی رێگارۆیشتنی نەبوو، ئەخە کاک تەها باوکی بەیان بوو. ئەوانەش میوانی ئەوان بوون.

بەیان لە شەرمان نەیدەزانی بلێ چی. ئەخە هەم دایک و باوکی و هەم لە قوتابخانەش زۆریان پێ گوتوە کە دەبێ رێز



لە گەورەکان، بە تایبەت بەساڵاچووان بگرین، بەڵام ئەو ئەم کارەی نەکردبوو، خراپ جوابی ئەو مامە پیرە و داپیرەی دابۆوە کە ئێستا بە خزمی خۆشیان دەرچوون. ئەو نەیدەزانی بلێ چی کە لە پڕ دیتی بانگی دەکەن، بەیان.. بەیان.... هەستە رۆڵە میوانمان دێ، ئەوە بۆ تێرخەو نابی؟

بەیان چاوی هەڵێنا دیتی لە ماڵی خۆیانە و لە سەر تەختی نووستنەکەیەتی. ئەو خەونی دیبوو. باوەشی بە دایکی داکرد و قیژاندی دایە گیان خۆشم دەوێی.... شەرت بێ تازە قەت بێ قسەییتان نەکەم.....





سەردانی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان




مامۆستا عەبباس حەقیقی

مامۆستا عەبباسی حەقیقی یەکێک لە ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمانی ئەدەبی کلاسیکی کوردییە. مامۆستا عەبباسی حەقیقی ساڵی ١٢٨١ هەتاوی لە گوندی مەرجان ئاوای دەشتی حاجی حەسەن سەر بە ناوچەی مەهاباد لە دایک بووە.

مامۆستا حەقیقی سەرەتا لە شاری سەقز خوێندوویەتی و لە ماڵەوەش لە لای باوکی گوڵستان و بووستان و کیمیای سەعادەت و کتێبەکانی بابەتی ئەو سەردەمەی خوێندوە. لەبارەی مامۆستا حەقیقییەوە دەڵێن کە بە هۆی هۆگریی زۆری بە شێعر و ئەدەبیات هەر لە تەمەنی منداڵیدا دەستی بە شێعر نووسین کردوە.

مامۆستا حەقیقی بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە گوندەکانی ئیسکی بەغدا و باخچە و لەوێ لەگەڵ هاوپۆلییەکانی وەک مامۆستا سەید کامیلی ئیمامی و خاڵە مینی بەرزەنجی کە ئەوانیش لە شاعیرانی گەورەی کوردن، هەستی ئەدەبیی پشکوتوە.

مامۆستا دوای تەواو کردنی خوێندنەکەی وەک کارمەند لە ئیدارەکانی دارایی و دوخانیاتی شارەکانی بۆکان و مەهاباد کاری کردوە و لە کۆماری کوردستاندا بە نازناوی (ع. هونە ر) هاتۆتە جەرگەی خەبات بە دژی رێژیمی پاشایەتی.

مامۆستا حەقیقی بە شێعری بەرزی «خەوی غەفڵەت» لە گۆڤاری نیشتمان و شێعرەکانی دیکەی لە ژمارەکانی ٧، ٨ و ٩ ی ئەو گۆڤارەدا خۆی وەک شاعیرێکی پایەبەرز ناساند. مامۆستا حەقیقی جیا لە دیوانە شێعرە کوردییەکەی کۆمەڵێک لە غەزەلەکانی حافز، شاعیری گەورەی فارسەکانی کردۆتە کوردی کە لە دیوانێکدا بە ناوی « شەونم» چاپ بووە

مامۆستا حەقیقی ٩٤ ساڵ ژیا و ئاواتی هەرە گەورەی رزگاریی خاک و نیشتمانەکەی بوو، دواجار مامۆستا لە ساڵی ١٣٧٦ ی هەتاوی لە شاری بۆکان بە هۆی پیری کۆچی دوایی کرد و لە نێو ئاپۆرای شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان و خەڵکی شاری بۆکان و شارەکانی دەورووبەر، لە گۆڕستانی ئەو شارەدا بە خاک سپێردرا.

**ئا: شیلان قوربانی فەر**

# منداڵ

ئێمە گوڵاڵەی ژینین
گوڵی دە شتی ئەوینین

هیوای داهاتوی گەلین
فریشتەی روی زەوینین

گوڵی باخی ژیانین
هیوای هەموو کوردانین

کوردی پۆشین و ژیرین
بۆ دوارۆژمان بە بیرین

هەموو شاد و خەندانین
بێگەرد و پاکین درۆ نازانین

دەبێ زۆر باش بخوێنین
تاکوو مافمان بستێنین

منداڵین و وشیارین
وەکوو گوڵی بەهارین

**خاڵە قازی**

دنیای منداڵان
گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
فتۆشاپ و دیزاین: مینا سوڵتانزادە
دەستەی نووسەران:
هانا وریا، شیلان قوربانیفەر، بێگەردعەلیپوور
پەیوەندی:
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanikurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com



# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



* پیاوێک دەچێ لیباسەکانی لە ئوتوو بدا. بە خاوەنی دوکان دەڵێ هەر پێشەوەی لیباسەکانم لە ئوتو بدە
خاوەن دوکان لێی دەپرسێ بۆچی؟
پیاوەکە دەڵێ دەمهەوێ وێنە بگرم هەر پێشەوەم دەردەچێ.....



* لە شێتێک دەپرسن بۆچی مۆز بە توێکڵەوە دەخۆی. ئەویش دەڵێ پێویست ناکا پاکی بکەم دەزانم ناوەکەی چی تێ دایە.......



*باوک: کوڕەکەم چاوێک لە دەرەوە بکە نەوەک خوا نەخواستە میوان بێ

کوڕ: باوکە ئەدی میوان خۆشەویستی خودا نیە؟

باوک: راستە بەڵام دوژمنی خواردنیشە..

*منداڵێک مریشکێک دەکڕێ و هەموو رۆژێ ٣ جار ئاوی کوڵیوی پێ دا دەکا. لێی دەپرسن بۆ ئەو کارە دەکەن، ئەویش دەڵێ هەتا مریشکەکەم هێلکەی کوڵاوم بۆ بکا.







## کایە و نۆرە

دەزانم حەزتان لە رەنگ کردنی ئەو وێنەیەیە، بەڵام راوەستن با شتێکتان پی بڵێم. ئێرە پارکە، شوێنی کایە و گەمەی منداڵانە. وا بزانن بۆ خۆشتان لێرەن، ئەرێ ئەگەر هەر کەسەو پێی وابێ دەبێ هەموو کەلومەلی یارییەکانی پارکەکە هەر بۆ ئەو بن چ دەبێ؟ دەبێتە شەڕ وانیە؟ ئەی ئەگەر منداڵەکان نۆرەی یەکتر نەدەن چی؟ ئەوەش هەر خراپە، مەگە نا؟؟

پێم خۆشە بە دڵی خۆتان ڕەنگم بکەن



# هەڵامەت (ئانفولانزا) چییە؟





هەڵامەت یا ئانفولانزا، نەخۆشییەکە کە لە ڕێی ڤایرۆسی ئانفولانزاوە تووشی دەبین. هەڵامەت بەهۆی کۆخە و پشمینەوە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر دەگوێزرێتەوە، چونکە ئەمانە هۆکارن بۆ گواستنەوە ئەو دڵۆپە چڵکانە کە بە میکرۆسکۆپ دەبینرێن لە کەسێکی تووشبووەوە بۆ کەسێکی ساغ.

**بەڵام نیشانەکانی تووشبوون بەم نەخۆشییە چین؟**

تا، سەرئێشە، کۆخە، ژان کردنی قوڕگ، ئازار لە ماسوولکەکاندا و ماندوویی و بێهێزی نیشانە سەرەکییەکانی توشبوون بە هەڵامەتن. ئەو ویرووسە جاری وایە کەسی نەخۆش تووشی کۆخە ڕەشە دەکا کە پێویستە نەخۆش لە نەخۆشخانە بخەوێنرێ و چاودێریی پزیشکی لەسەر بێ، چونکە ڕەنگە ببێتە هۆی مردنی کەسەکە.

بە گشتی ڕەنگە لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا تووشی ئەو نەخۆشییە ببین، بەڵام زیاتر لە وەرزی زستان دا ئەو هەڵامەتەمان تووش دەبێ و باشتر وایە کەسانی نەخۆش لە شوێنی داخراودا، لە کەسانی ساغ لێک نزیک نەبنەوە.

**بەڵام چۆن بتوانین خۆمان لەو نەخۆشییە بپارێزین؟** بە خواردنەوەی ئاو و ئاوی میوە یان شەربەت و خۆ گەرم ڕاگرتن و دوور کەوتنەوە لە سەرما دەکرێ ئەو نەخۆشییە لە خۆمان دوور خەینەوە. هەروەها ئەگەر کەسێک لە دەروبەرمان تووشی هەڵامەت ببوو، ئەوەندەی دەکرێ دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێ تا لێی نەگرینەوە.

**ئا؛ هانا وریا**

# کامیان باشترە؟

هەبوو نەبوو سەردەمانی زوو پاشایەک هەبوو، ئەو پاشایە تاقە کوڕێکی هەبوو. کوڕە زۆر بە نازداری گۆش کرابوو، لە ناز و نێعمەت دا گەورە ببوو، قەتی سەختی نەچێشتبوو. کوڕە گەورە ببوو، ڕۆژێکیان لە قەراغ دەریا بازەرگانەکانی بینی کە لە کەشتیەکانیان دادەگەڕان. ئیرەیی پێ بردن، دەیزانی کە ئەوان لە گەشتەکانیان شوێنی زۆر و خەڵکانی هەمە جۆرە دەبینن، قازانجی زۆریش دەکەن و بە سەر زۆر خۆشیدا دەکەون.

بۆیە چووە لای باوکی و داوای لێ کرد کە ڕێگای پێ بدابازەرگانی بکا، بەڵام باوکی ئیزنی نەداو و گوتی ڕۆڵەکەم تۆ کوڕە پادشای، هەموو شتێکت لەبەر دەست دایە، چیت لەم سەر ئێشەیە داوە؟ بەڵام کوڕە هەر دوو لاقی کردە کەوشێکەوە و مانی گرت کە ئیللا و بیللا دەبێ بمنێری. ئەو توانی باوکی رازی بکا.

شازادەی چیرۆکەکەمان بە مەبەستی کاری بازەرگانی لەگەڵ هەندێ لە بازەرگانەکان کەوتە ڕێ.

ڕۆژێکیان لە ڕێ کە برسی و ماندوو بوون، بۆ مەبەستی پشوودان و نان خواردن لە کێڵگەیەک لایان دا. داوی نان خواردن و وچاندان بەر لەوەی بکەونەوە ڕێ، کوڕە پادشا برێک لە هاورێکانی دوور کەوتەوە. ئەو لە نزیک خۆی ڕێوییەکی لەر و لاوازی بینی. بەسەر سووڕمانەوە لە خۆی پرسی: دەبێ ئەم ڕێوییە لەڕ و بی هێزە، چۆن بژی و خواردنی چۆن دەست کەوێ؟ دوای ماوەیەک شێرێکی بینی کە نێچیرێکی بەدەمەوە بوو، بینی کە شیرەکە گۆشتە پوختەکەی نێچیرەکە دەخوا و ئێسک و پرووسکەکەش بۆ ڕێوییەکە ئەهێڵێتەوە، کوڕە پادشا سەری لەقاند و وتی: خوا رزق و ڕۆزی بۆ ئەم ڕێوییە لاوازە بنێرێ، تۆ بڵێی ڕۆزیی ئێمە و کەسانی تر نەنێرێ؟ ئەو کە بەو کەمە هاتنەش تەواو ماندوو ببوو بە پەلە گەڕایەوە لای باوکی و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە.

باوکی بە زەردەخەنەوە پێی وت، ڕاستە ڕۆڵە، بەڵام تۆ وەک ڕێوییە لاوازەکە مەبە، وەک شێرە بەهێزەکە بە، هەوڵ بدە کەسانی بێهێز و لاواز لە دەستی تۆ نان بخۆن، نەک تۆ چاوت لە دەستی کەسانی تر بی. کوڕە پەندی باوکی گرتە گوێی و کەوتەوە سەر کاری بازەرگانی.

شازادەی چیرۆکەکەی ئێمە تەنانەت پشتی بە تاج و سەروەت وسامانی باوکیشی نەبەست و لە ئاکامدا بازەرگانێکی سەرکەوتوو و زۆر دەهەندی لێ دەرهات.

**ئامادەکردن لە فۆلکلۆرەوە: جەواد حەمە بەگ**



# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

A

بێگەرد عەلی پوور

## وانەی نۆیەم: بەشەکانی ماڵ house parts

### بەشەکانی ماڵ house parts

ژووری دانیشتن living room



ژووری نان خواردن diding room



ژووری نووستن bed room




حەمام bathroom



ئاشپەزخانە kitchen



گەراج garage



ژێرزەمین basement




باڵکۆن balcony




ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان

we have the right to choose .... ئێمە مافی هەڵبژاردنمان هەیە



# ” لویی پاستۆر “ کێیە؟!



لویی پاستۆر، زانا و دۆزەرەوەیەکی بەناوبانگی جیهانە و ساڵی 1822 ی زایینی لە شاری ”دول“ ی فەڕانسە لە دایک بووە. باوکی لویی پاستۆر، ژان ژوزێف پاستۆر ئەفسەرێکی تێکشکاوی لەشکری ناپلئون بوو، باپیری لوییش کابرایەکی دەبباغ بووە. لویی پاستۆڕ لەگەڵ ئەوەی لە بنەماڵەیەکی دەستکورتدا لە دایک بووە، بەڵام بە باشترین شێوە قۆناغەکانی خوێندنی بڕیوە. پاستۆر لیسانسی لە زانکۆی پاشایەتیی“Besancon ” وەرگرتوە و ساڵی 1848 بۆتە مامۆستای شیمی لە زانکۆی ”استراسبورگ“.

لویی پاستۆر زۆر داهێنانی گەورەی لە زانستی شیمی و پزیشکی دا بووە، بەڵام یەکەم تاقیکردنەوەی پاستۆر چ بوو، ئەوە بوو:

لوویی لەتە گۆشتێکی خستە شووشەیەکەوە و سەری شووشەکەی داخست. ئەو لەتە گۆشتێکی دیکەشی خستە شووشەیەکی دیکەوە، بەڵام سەری ئەویانی ئاوەڵا هێشتەوە. دوای ماوەیەک بۆی دەرکەوت ئەو گۆشتەی لە نێو شوشە سەر ئاوەڵاکە دایە، بۆگەنی کردوە و خراپ بووە؛ بەڵام ئەوی تریان هەر وەک خۆی ماوە و بۆنی گۆشتێکی ئاسایی لێ دێ.

پاستۆر بە پێی ئەم تاقیکردنەوەیە بۆی دەرکەوت کە”هیچ ماددەیەک لە خۆیەوە درووست نابێ و لە خۆیەوە گۆڕانکاری بەسەر دا نایە، بەڵکوو هەر گۆڕانێک بەهۆی زیندەوەرێکی دیکەوە ڕوو دەدا“. ئەو بۆی دەرکەوت لە نێو گەردەکانی هەوادا دانەکانی باکتریا هەن کە کاریگەرییان لەسەر دەورووبەریان هەیە.

پاستۆر بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش پارچە گۆشتەکەی خستە شوشەیەکەوە، بەڵام ئەوجار پارچە لۆکەیەکی وەک دەمەوانە بەکار هێنا، دوای ماوەیەک بینی لۆکەکە ڕەش هەڵ گەڕاوە، ئەو بە هۆی ئەم تاقیکردنەوەیە دڵنیا بۆوە کە باکتریا لە هەوا دا هەیە.

لویی پاستۆر دوای ئەو تاقی کردنەوانە رایگەیاند کە هۆکاری زۆربەی نەخۆشییەکان ئەم زیندەوەرە مایکرۆسکۆپییانەن، بەم بیرۆکەیەشەوە خزمەتێکی زۆری بە زانستی پزیشکی کرد.

پاستۆر لە ساڵی 1881 ی زایینی دا، توانی واکسێنێک بۆ چارەسەریی باکتریای باسیل ئانتراکس لە ”مەڕ“ دا بدۆزێتەوە. هەروەها لە ساڵی 1885 ی زایینی دا توانی دەرمان وچارەسەر بۆ نەخۆشیی هاری لە مرۆڤ دا بدۆزێتەوە و لەگەڵ هەموو ئەوانەش دا لێکۆڵینەوەیەکی زۆری لەسەر کاریگەریی باکتریا لە گۆڕینی ترێ بۆ شەرابدا کرد.

پاستۆر لە ساڵی 1868 ی زایینی دا بە هۆی جەڵدەی مێشکەوە بەشی چەپی لەشی ئیفلیج بوو و دواتر لە تەمەنی 73 ساڵی دا و لە ساڵی 1895 ی زایینی دا کۆچی دوایی کرد.

**ئا: هانا وریا**

# مۆز

**دایە گەورە گوتی: من منداڵی ژیرم خۆش دەوێ بۆیە ئەم چیرۆکەیان بۆ دەگێڕمەوە:**

**زەمانی زوو، وەکوو ئێستای خۆمان نەبوو، کەژ و کۆ، کێو و چیا، دارستان و لێڕەوار بوو، دەر و دەشت باخ و بێستان بوو.**

**رووبار پڕ بوو لە ماسی و مراوی، دارستان پڕ بوو لە ئاژەڵی جوان و مێهرەبان(د لۆڤان)، پڕ لە ورچ و کەروێشک و فیل و زەڕافە و شێر و مامز و بزنە کێوی.**

**پەلەوەر و باڵندەی رەنگاورەنگ، هەموویان بە یەکەوە دەژیان، مەیموون بە سەما و کارە جوانەکانی گیاندارانی خۆشحاڵ دەکرد. ئەوان ئازاری یەکتریان نەئەدا، هەموو یەکتریان خۆش دەویست بە دار و بەردەوە.**

**رۆژ رووناکی ئەبەخشی و شەو بە مانگ و هەسارە خشڵ و پووڵەکە و مەلیلەی کردبووە بەرۆکی ئاسمان و هەتا بەیانی هەر تروسکە و بریسکەی مانگ و ئەستێران بوو. لە نزیک ئەو دارستانە خۆشەدا، بنەماڵەیەک دەژیان کە مناڵێکی لاساریان هەبوو! ئەو رۆژەی کە دایکی نانی بۆ دەکردن، ئەو دەچوو ئاوی دەکرد بە سەر ئاوردووی تەندوورەکەدا! کۆلکە و داری سووتەمەنی لە ئاو هەڵ دەکێشا! ئیتر ئەوانیش نەدەسووتان، دایکی کوڕە لە کاتی نان کردنا زۆری ئازار دەبینی و دووکەڵ ئەچوو بە چاویدا، نانەکانی بە سەر ساجەکەوە رەش دەبوون و دەبوون بە کۆڵوو. مناڵ کە زۆری نانە سووتاو خوارد ریخۆڵەی گیرا و گرفتی کرد. ئەو شەوە هەتا بەیانی زیڕاندی و گریا و هاواری کرد. ژیانی لە ئاژەڵان تاڵ کرد و ...**

**بەیانی فیلی مێهرەبان خۆی گەیاندە بەر درگای ماڵی کوڕەکە، سەیری کرد لە باوەشی دایکیدا دەگری و دەناڵێنێ، فیل بە خێرایی چوو لە دارستان شووتییەکی باشی بە خەرتوومەکەی هەڵ گرت و هێنای دای بە دایکی مناڵەکە.**

***

**مناڵە ژیرەکان، ئەو کوڕە مۆزی خوارد و ژانی زگی تەواو بوو، دایە گەورەش دۆعای بە خێری بۆ فیل کرد، با لەوە فیل تر بێت!**

**مناڵە چاو گەشەکان ئێوەش ئەوەندەی بۆتان دەکرێ میوە بخۆن، وەک شووتی و هەرمێ، مۆز، سێو، هەنارو...**

**سەلاح نیساری**

## مەگەر بڵێم هیچ .....

هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو. دەگێڕنەوە سەردەمانی زوو پیاوێک هەبوو جەڕە و گۆزە و کیتەڵەی بە قوڕ ساز دەکرد. دوایە گۆزەڵە و دیزەکانی باری کەرەکەی دەکرد و دێ بە دێ دەگەڕا و دەیفرۆشتن، جار جارەش بارەکەی دێنا بۆ شار و لەوێ وردی دەکردنەوە.

ڕۆژێکیان گۆزەڵە و جەڕە و دیزەکانی باری کەرەکەی کرد و بەرەو شار کەوتە ڕێ. نیزیک شار چەتە و ڕێگری کەوتنە سەر. یەکیان هات و بە گۆپاڵەکەی دانەیەکی کێشا بە باری کابرا دا و گوتی مامە تێڕی کەرەکەت چی تێ دایە؟

کابراش کە گوێی لە خرمەی شکانی گۆزەڵە و جەڕەکانی ببوو، گوتی وەڵڵا ئەگەر گۆپاڵێکی دیکەی لێ دەدەی دەبێ بڵێم هیچ.....

**بەسەرهات: فۆلکلۆر**

**گێڕانەوە و نووسینەوەی: دایکی نیان**



## هەندێ شت لە بارەی "دۆلفین" ەکانەوە

بچوکترین دۆلفین بە ناوی "پۆرپۆیز" کە لە دەریای "کۆرتێز" دەژی باڵای میتر و نیوێکە و کێشی 50 کیلۆیە؛ هەروەها گەورەترین دۆلفینەکانیش کە لە ئۆرکا دەژین، باڵایان 8 میتر و کێشیان 6 تۆنە.

دۆلفینەکان هەستی بیستنییان زۆر بە هێزە، بە جۆرێک کە زۆربەی بوونەوەری دیکە وەک مرۆڤ ئەو توانایییەیان نییە. هەروەها پێستێکی تایبەتیان هەیە کە نایەڵێ سەرمایان ببێ.

دۆلفینەکان بە شێوەی گرووپی دەژین، هێندێک لەو گرووپانە 1000 تا 8000 دۆلفینن. دۆلفینە ئازادەکان کاتی خەوتن تەنیا لە نیوەی مێشکیان کەڵک وەردەگرن و نیوەکەی دیکەی مێشکیان لە حاڵی پشوودانە.

دۆلیفنەکان بە دەرهێنانی هێندێک دەنگ بە شێوەی تێلگراف یان موزیک پێوەندی بە یەکەوە دەکەن و هەر ئەوە دەبێتە هۆی ئاگادار بوونیان لە دەوروبەر و دەتوانن بە شێوەی نەخشە یان وێنە ئەو شتانەی کە لە ژێر دەریا دا روو دەدا، تەنانەت ئەگەر لە مەودایەکی دووریشەوە بێ بە یەکتری بڵێن.


دۆلفینەکان مەلەوانێکی بە توانان. هێندێکیان دەتوانن لە یەک کاتژمێردا 40 کیلومیتر ببڕن و 300 میتریش بچنە ژێر دەریاوە و 6 میتر بێنە سەرەوەی دەریا و،



هێندێکیان کە تایبەتن و ناویان " باتل نوز"ە، دەتوانن 30 خولەک هەناسەیان ڕابگرن.

دۆلفینەکان باشترین هاوڕێی مرۆڤەکانن لە دەریا دا. ئەوان زۆر جار یارمەتیی مرۆڤەکان دەدەن لە کاتی ماسی گرتن دا، یارمەتی غەواسەکان دەدەن تاکوو بەلەمەکانیان لە ژێر ئاودا ببیننەوە و پێش بە خنکانی مەلەوانەکان دەگرن و تەنانەت یارمەتیی پزیشکە دەروونییەکان دەدەن بۆ ئەوەی زۆر لە کێشەکانی منداڵان چارەسەر بکەن.


**ئا: دایکی نارین**



**هەر کەسێک جوانترین چیرۆک بۆ ئەو وێنەیە بنووسێ لەلایەن ناوەندی منداڵپارێزییەوە خەڵات دەکرێ.**

## چەشنی ئاڵا

ئێمە منداڵی کوردین
دڵپاک و پاک، بێگەردین
ڕێزی دایک و باب ئەگرین
هەتا لەسەر ڕووی عەردین
لە راست مامۆستای مەکتەب
ئارام و ژیر و وردین



نەوەی داهاتووی وڵات
هیوای دوا ڕۆژی کوردین
پەروەردی کوردستانین
خاوەنی چیا و هەردین
وەکوو ڕەنگی ئاڵامان
سپی و سوور، کەسک و زەردین

**خاڵە قازی**

# چاوەڕێی مانگی ڕەزبەر

سۆما ٦ساڵیەتی. ئەوساڵ دەبێ بچێتە مەکتەب. دایکی ناوی ئەوی لەو قوتابخانەیە نووسیوە کە خوشکە گەورەکەشی لەوێ دەخوێنێ. سازگار خوشکی سۆمایە. سازگار ئەوساڵ دەچێتە پۆلی چوارەم. ئەو دەڵێ لە قوتابخانە ئاگای لە سۆمای خوشکی دەبێ. سۆما زۆری پێ خۆشە کە دەچێتە قوتابخانە. هەموو ڕۆژێ لە دایکی دەپرسێ: ئەرێ کەی قوتابخانە دەکرێتەوە؟ دایکیشی دەڵێ: هەووەڵی پاییز، سەرەتای مانگی ڕەزبەر. سۆما نازانێ مانگی ڕەزبەر کەی دەست پێ دەکا. ئەو چاوەڕێیە دایک و باوکی پێی بڵێن ئەوە مانگی ڕەزبەرەو قوتابخانەکان دەکرێنەوە.

دوێنێ دوانیوەڕۆ باوکی سۆما لە سەر کار بوو. دایکیشی لەگەڵ سازگار خەوتبوون. سۆما خەوی نەدەهات، بێتاقەت ببوو. کەلووپەلی یارییەکانی هەڵ گرت و دەستی کرد بە کایە کردن. بەڵام دیسانیش بیری لە ڕەزبەر دەکردەوە. لەبەر خۆیەوە گوتی: « ئەدی ئەو مانگی ڕەزبەرە کەی دەگاتێ؟ کەی قوتابخانەکان دەکرێنەوە؟ بریا زوو کراباوە هەتا من توانیبام جلە جوانەکانم لەبەر بکەم و کیفەکەم دەست دەمێ. کتێب و قەڵەم و دەفتەرەکانمی تێنێم و بچمە قوتابخانە. لەوێ سڵاو لە مامۆستا بکەم. دەرسەکانم بخوێنم و هاورێی تازە پەیدا بکەم.» لەم فکرانە دا بوو کە بە دەم یارییەوە خەوی لێ کەوت. لە خەونی دا دیتی هەموو ئەم منداڵە بچووکانەی کە ئەوساڵ دەیانهەوێ بچنە قوتابخانە، لە حەوشەی ئەواندا کۆ ببوونەوە. منالەکان هەموو لیباسی وەک ئەویان لەبەر کردبوو. دەستی یەکتریان گرتبوو، سۆما لە نێو واندا ڕاوەستابوو. هەموو منداڵەکان دڵخۆش بوون و پێکەوە ئەو شێعرەیان دەخوێندەوە:

لە مێژە چاوەروانین
چاوەڕوانی میوانین
میوان هەر دەڵیی زێڕە
وازوو دەگاتە ئێرە
میوانی مە ڕەزبەرە
شادیهێن خەفەت بەرە
کاتێک کە ڕەزبەر دادێ
کاتی قوتابخانە دێ
دیسان خۆشی و هەنگەمە
کایە کردن و گەمە
ئێمە گەلێ خۆشحاڵین
چونکی وانە بخوێنین

سۆماش لە نێو منداڵەکاندا ڕاوەستابوو و ئەو شێعرەی لەگەڵیان دەگوتەوە. یەکێک لە منداڵەکان کە زۆر وەک خۆی دەچوو، دەستی کێشاو گوتی: «سۆما گیان وەرە، ڕەزبەر هاتووە. وەرە بیبینە.» سۆما دەیهەویست لەگەڵی بچێ، بەڵام لاقەکانی تێک گیران و کەوت. سۆما لە خەو ڕاپەڕی. ئێستاش خەونەکەی لە بیر مابۆوە. دەموچاوی




منالەکان هەر لە بەر چاوی بوون و ئەم شێعرەی کە دەیان خوێندەوە لە گوێیدا دەزرینگایەوە.


کاتێک دایک و خوشکی لە خەو هەستان، خەونەکەی بۆ گێڕانەوە. سازگار گوتی: «خوشکە بچووکەکەم، خەونەکەت خەریکە وەدی دێ. پاییز خەریکە دەگاتێ و چەند ڕۆژی دیکە هەموومان لە قوتابخانەین. سۆما بەو قسانە زۆر دڵخۆش بوو و دەستی بە گوتنەوەی شێعرەکەی کردەوە.


بەڵی منداڵە خۆشەویستەکان، ئێستا کە چەند ڕۆژێکە قوتابخانەکان کراونەتەوە، هیوادارم ئێوەش وەک سۆما دڵتان خۆش بێ و زۆر بە جوانی وانەکانتان بخوێنن و لە قسەی ماموستاکانتان دەرنەچن.


**ئا: کیان**




منداڵە چاوگەشەکان! بەو کەرەسانەی خوارەوە ئەو کاردەستی یانە ساز بکەن. بە پێی ئەوەی کە نیشان دراوەو پاشان کارەکانتان بینێرن بۆ منداڵپارێزیو خەڵات وەربگرن










## جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو وێنەیە ببیننەوە!









# وڵاتەکەمان بناسین

## « بانە »

بانە شارێکی خۆشی رۆژهەڵاتی کوردستانە و لە پارێزگای سنە هەڵکەوتوە. شاری بانە لە باکووری رۆژئاوای شاری سنە هەڵکەوتووە و دراوسێی چەند شاری دیکەی کوردستان وەکوو مەریوان و سەردەشت، سەقز، بۆکان وە هەروەها باشووری کوردستانە.

حەشیمەتی شاری بانە و دێهاتەکانی بە پێی دوایین سەرژمێرییەکان ١١٨ هەزار کەس بووە و خەڵکی ئەو ناوچەیە بە زاراوەی سۆرانی قسە دەکەن.

بانە ١٦٤٠ مەتر لە دەریا بەرزترە و کێوەکانی ئاڕبابا و بایۆس و دووزین دەوریان داوە و هەروەها زۆربەی ناوچەکانی بانە بە دارستان و لێڕەوار داپۆشراوە و بەشێکی زۆری ئەو دارستانانە قازانجی زۆری بۆ خەڵکی ناوچەکە هەیە

بە هۆی شاخاوی بوونی ناوچەی بانە چەندین جۆر باڵندەی وەکوو هەڵۆ، مراوییەکێوی و پەپووسڵمانی و گیانداری کێویی وەکوو رێوی و گورگ و ورچ لەوێدا دەژین.

لە ئاسەوارە مێژوورییەکانی شاری بانە دەتوانین ئاماژە بە بانە کۆن، گۆڕستانی غەریبان، گۆڕستانی نابالقان، گۆڕستانی جوولەکان و مزگەوتی جامیعە، حەمامی داروغە و هەروەها چەندین کێوی وەکوو ئارمەردە، سیاومە و کێوی شوێ بکەین.

سەیرانگاکانی دووکانان، دەشتی سورێن، پیرمراد، دەشتی شوێ و دەشتی سلێمان بەگ چەند شوێنێکی خۆش و دلڕفێنی بانەن کە خەڵک بو گەشت و گوزار و سەیران روویان تێدەکەن.

شاری بانە شوێنی لە دایکبوونی شاعیرو نووسەری گەورەی کورد مامۆستا ئیبراهیم یونسی و هەروەها بەهمەن قوبادی و عەتا نەهاییە.

**ئا: دایکی رەوەند**

## نەقاشی و وێنەکانتان لە دنیای منداڵاندا



هیوا وریا



تروسکە کەریمی




فرمێسک محەممەدپوور



**منداڵە ئازیزەکان دەتوانن وێنە جوانەکانتان بنێرن بۆ ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێمەش لە دنیای منداڵاندا بۆتان بڵاو دەکەینەوە**

# نەقاشی و وێنەکانتان لە دنیای منداڵاندا






سۆلین هەمزەنیژاد    مەتین هەمزە نیژاد    دیاری عەبدولی    پۆلێک لە منداڵانی باخچەی ساوایانی هەرمۆتە







سۆلاڤ و سۆلان قازی    سارا ئیسمائیلی _ سۆئێد    هەدیە محەممەدپەنا    پۆلێک لە منداڵانی نێو کەمپەکانی حیزب





زیلان فەتحی    شێنێ شەڵماشی    ساریا عارفی    سۆنیا نوسرەتی    ئاگرین محەممەدی    سۆزان مەحموودی و هاوژین عەبدوڵاهی






دەریا عەلی نژاد    تنۆک رەحیمی    ژینۆ و هەژیر عوسمانی

